**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**

**بەشی کار و باری یاسایی**

# ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) بۆ ساڵی ٢٠٠٧
# دەستەدانەی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**پشت بە بەندەکانی ماددەی (٢٣) لە یاسای کار ژمارە (٧١) ساڵی ١٩٨٧ بڕیاری دەرچوونی ئەو ڕێنمایانەی خوارەوەمان دا :**

**ماددەی یەکەم .**

**یەکەم** : **بیانی** : هەر کەسێك ڕەگەز نامەی عێراقی هەڵنەگرتبێت و بیەوێت کار بکات لە هەرێمی کوردستان بە پیشەی کرێکار لە کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاو و هەرەوەزی .

**دووەم** : **کار** : هەر کارێك ئەنجام بدرێت لە لایەن کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاو و هەرەوەزی .

**سێهەم** : **مۆڵەتی کار** : بەلگەنامەیەکی فەرمیە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلآیەتی دەردەچێت بە پێی نموونەی هاوپێچ لەگەڵ ئەم ڕێنماییە .

**ماددەی دووەم .**

مۆڵەتی کار لە لایەن وەزیری کارو کاروباری کۆمەلآیەتی یان ئەو کەسەی سەرپشك دەکرێت لە لایەنیەوە دەبەخشرێت لە دوای فەراهەمبوونی ئەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییەوە هاتوون .

**ماددەی سێهەم .**

خاوەن کار لە کەرتەکانی تایبەت و تێکەلآو هەرەوەزی بۆی نیە کرێکاری بیانی کار پێبکات ئەگەر مۆڵەتی کار وەرنەگرێت بە پێی مەرج و ڕێکارە دیاری کراو ەکانی ئەم ڕێنماییە .

**ماددەی چوارەم :**

لەکاتی دەرچوونی مۆڵەتی کار پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :

**یەکەم** . چەندین پێویستی هەرێمی کوردستان بە دەستە کاری بیانی هەیە لە سەر ڕۆشنایی داخوازی بازاری کارو بە پێی پێویستەکانی پارێزگاکانی هەرێم لە پاش دڵنیابوون لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی بەکار خستن .

**دووەم** . پشتگیری فەرمانگەی ئاسایشی تایبەت تاوەکو ڕێگری ئاسایشی نەبێت بۆ بەکار خستنی کرێکاری بیانی .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەى پێنجەم :**

ماوەى مۆڵەتى كار يەك ساڵە و نوێ دەكرێتەوە بە پێى پێويستى لەگەڵ ڕەچاو كردنى ناوەرۆكى لە ڕێنمايىيەكە ، كرێكارى بيانى دەبێت لە ڕێگاى خاوەن كار داواى نوێ كردنەوەى مۆڵەتەكەى بكات بەلايەنى كەم بەر لە مانگێك لە ڕێكەوتى بە سەراچوونى .

**ماددەى شەشەم :**

**يەكەم**:لە سەر كەسى بيانى لە دەرەوەى هەرێم كە دەيەوێت كار بكات لە هەرێم پێويستە ئەم ڕێكارانەى خوارەوە بگرێتە بەر بە مەبەستى وەرگرتنى مۆڵەتى كار كردن :

أ. داواكاريەكى نوسراو بۆ وەزارەتى كارو كاروبارى كۆمەڵايەتى پێشكەش بكات لە ڕێگەى نوێنەرايەتى عێراق لە دەرەوە يان بريكارە فەرميەكەى لە عێراق يان بە ڕێگەى خاوەن كار كە دەيەوێت بە كارى بخات.

ب. پێويستە داواكاريەكە سەرجەم زانياريەكان بگرێتە خۆ كە پەيوەنددارن بە شياوى كرێكار ، پشت بە بڕوانامەو ئەو بەڵگەنامەى كە هەيەتى لەگەڵ ديار كردنى ناو و ڕەگەز و جۆر و ماوەى كار لەگەڵ ناو نيشانى خاوەن كار

ت. بەرێوەبەرايەتى بەكار خستن لە پارێزگاكان هەڵدەستێت دڵنيابوون مەرجە ياسايىيەكان و وەرگرتنى ڕەزامەندى كار كردن لە هەرێم لە دوايدا دواندنى لايەنى پەيوەندى دار بۆ بەخشينى كارتى فيزا بۆ كەسى بيانى ، كە هاتە ناو هەرێم دەبێت سەردانى بەرێوەبەرايەتيەكانى ناوبراو بكات لە ماوەى حەوت ڕۆژ لە ڕۆژى هاتنە ناوەوەى هەرێم بۆ مەبەستى ناو نووس كردن و تەواو كردنى ڕێكارى مۆڵەت وەرگرتن .

**دووەم** : ئەو بيانيەى كە لە ناو هەرێمەو دەيەوێت كار بكات لە هەرێم دەبێت ڕەچاوى ئەم ڕێكارانە بكات بۆ وەرگرتنى مۆڵەتى كار :

أ. پێشكەش كردنى بەڵگەنامەى ياسايى كە ئاماژە دەكات بە هاتنە ناوەوەو جێ نشين بوونى لە هەرێم بە شێوەيەكى ئاسايى ياخود ڕەوا .

ب. داواكاريەكى نوسراو پێشكەش بە بەرێوەبەرايەتى بەكار خستن لە پارێزگاكان بكات يان بە ڕێگەى ئەو خاوەن كار ەى كە دەيەوێ كارى پێ بكات لە لاى خۆى . .

ج. پێويستە داواكاريەكەى سەرجەم زانيارى پەيوەنديدارەكان بگرێتە خۆ ئەويش بە دڵنيابوون بە بڕوانامەو دۆكۆمنێت كە هەيەتى لەگەل ديار كردنى ناو و ڕەگەز و جۆر و ماوەى كارو ناونيشانى خاوەن كار .

**سێيەم :**

أ . ئەو كۆمپانيانەى كە ناويان تۆمار كراوە لە هەرێم و دەيانەوێت كرێكارى بيانى بهێنن و كاريان پێبكەن لە هەرێم ، دەبێت مۆڵەتى كار وەربگرن بە پێى ئەو نموونەى كە فەرمانگەى كارو دەستەبەريى بۆ ئەم مەبەستە ئامادەى كردووە .

نـــــــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ب. ئەم کۆمپانیانەی کە دەیانەوێ‌کرێکاری بیانی بەکاربخەن ئەم ڕێکارانەی خوارەوە بگرتە بەر :
١. داواکاری دەست نووسی بە بەرێوەبەرایەتی بەکار خستن لە پارێزگاکان پێشکەش بکات کە تیایدا زانیاریەکی تەواو لەسەر شیاوی کرێکارە بیانیەکان دیار بکەن کە دەیانەوێ بۆ ناو هەرێم بیانهێنن .
٢. لە کاتی ڕەزامەند بوونی بەرێوەبەرایەتیەکانی بەکار خستن لە پارێزگاکان ، نوسراوێکیان پێدەدرێت بۆ فەرمانگەی نشینگە بۆ پێدانی کارتی فیزای هاتنەناوەوەی هەرێم .
ج. لەسەر ئەو کۆمپانیانەی کە نیازی هێنانی کرێکاری بیانیان هەیە بۆ ناو هەرێم پێویستە ڕێکەوتنامەی بەکار خستن لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی مەبەست پێشکەش بکەن .
د. کۆمپانیا مۆڵەت دارەکان لێپسراون بەرامبەر هاتنی کرێکارە بیانیەکان لە کاتی هاتنە ناوەوەی خاکی هەرێم ، لێپسراویەتەکەش نامینێت کاتێك لایەنی تر بیەوێ بەکاریان بهێنن .
هـ. لە سەر ئەو لایەنەی کە کرێکاری بیانی بەکار دەهێنێت ئاگاداری بەرێوەبەرایەتیەکانی بەکار خستن لە پارێزگاکان بکەن بە پێ ی ماددەی ٢٣ لە یاسای کار ی ژمارە ٧١ی ساڵی ٨٧ ، داواکاری تایبەت پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کار بە پێی ئەو ڕێکارانەی هاتووە لە ڕێنماییەکان .

**ماددەی حەوتەم :**

**کرێکاری بیانی پێویستە ئەمانەی خوارەوە جێ بەجێ بکات :**

**یەکەم** .واز لە کارەکەی بهێنێت لە کاتی بە سەر چوونی ماوەی مۆڵەتەکە ئەگەر نوێی نەکرایەوە .

**دووەم** . مۆڵەتەکەی بە خاوەن کار بدات لە کاتی کۆتایی هاتنی گرێبەستی کار بە هەر هۆیەکی یاسایی.

**سێیەم** . بەڵێنامەیەك پێشکەش بکات بە ڕاهێنانی سەرجەم کرێکارانی پڕۆژە لە سەر ئەو کارەی کە دەیکات لە ماوەی مۆڵەتەکەی .

**ماددەی هەشتەم .**

لە سەر خاوەن کار پێویستە ئەمانەی خوارەوە بکات : :

**یەکەم** : ئاگاداری بەرێوەبەرایەتیەکانی بەکار خستن لە پارێزگاکان بکات لە کاتی جێهێشتنی خزمەتی کرێکاری بیانی لە کارەکەی یان کۆتایی مۆڵەتەکەی یان جێ هێشتنی هەرێم ، پێویستە مۆڵتەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی سەرەوە .

**دووەم** : ئامادە کردنی تۆمارێك بۆ تۆمار کردنی زانیاری پێویست لەسەر کرێکارانی بیانی .

**سێیەم** : کرێکاری خۆماڵی تەرخان بکات وەکو یاریدەدەری کرێکارانی بیانی تەکنیکار لە پڕۆژەکە توانایان بگونجێ لە گەڵ توانای کرێکاری بیانی بۆ ڕاهێنان تاوەکو شارەزایی پێویست وەربگرن لە ماوەی مۆڵەتی کاری بیانیەکە .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**ماددەی نۆیەم :**

مۆڵەتی کار هەڵدەوەشێتەوە لە هەر کاتێك لەم بارانەی خوارەوە : :

www.mojkurdistan.com

أ . ئەگەر ئەو زانیاریو بەلگەنامانەی کە تیایدا داوای مۆڵەتی کاری کردبوو دروست نەبوون .
ب. ئەگەر بوونی کرێکاری بیانی زیانی هەبوو بۆ بەرژەوەندی گشتی.
ج. ئەگەر خاوەن کار هەڵسا بە کۆتایی هێنانی گرێبەستی کاری کرێکاری خۆماڵی بە پێچەوانەی یاسا و بەکار خستنی کرێکاری بیانی لە شوێنی ئەو کە هەمان تواناو مەرجی کاری کرێکاریبیانی هەیە .

**دووەم** . هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت ڕێگر نیە لە بەر دەم ڕەوانە کردنی کرێکاری بیانی یان خاوەن کار بۆ دادگا لە لای سەرپێچی کردنی هەر بڕگەیەك (أ ، ب) ئاماژە پێکراو لە سەرەوە لە لایانیانەوە .

**ماددەی دەیەم :**

هەر کەسێك سەرپێچی بەندەکانی ماددەی ٢٣ لە یاسا ئەو ڕێنماییانەی کە جێگای گرتۆتەوە بکات سزا دەدرێ بە پیێ ی بەندەکانی ماددەی (٢٤) دووەم لە یاسای کار.

**ماددەی یانزەم :**

ئەمانەی خوارەوە بە دەرن لە بەندەکانی ڕێنماییەکە :
**یەکەم** :ئەو کرێکارانەی کە کار دەکەن لە لایەن دەستەی نیو دەوڵەتی و نوێنەرایەتی دبلۆماسی و قونسلگەری بازرگانی و بیانی باوەر پێکراو لە هەرێم .
**دووەم** : ئەو بیانیانەی کە یاسا و ڕێکەوتنامەو پەیماننامە نێو دەوڵەتی یەکان کە حکومەت تیایدا لایەنە بە دەست دانە کار لە هەرێم .
**سێیەم** : ئەو بیانانەی کە کار دەکەن لە لایەن حکومەت .

**ماددەی دوانزەهەم .**

ڕێنمایی یەکانی ژمارە ١٨ ی ساڵی ١٩٨٧ کاری پیێ ناکرێت .

**ماددەی سێزدەهەم.**

ئەو ڕێنمایی یانە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بلاْوکردنەوی لە وەقایعی کوردستان .

**عدنان محمد قادر**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

ئـــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة إلاقليم**
**الـرئيس**

**باسم الشعب**
**القرار**
**رقم ( ٦ ) لسنة ٢٠٠٧**

**قانون وزارة البلديات لاقليم كوردستان ـ العراق**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ و بناء على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في جلسته المرقمة ( ٣ ) و المنعقدة في ٢ /٤ /٢٠٠٧ قررنا إصدار :

## قانون رقم(٢)لسنة ٢٠٠٧
## قانون وزارة البلديات لاقليم كوردستان ـ العراق

**المادة الاولى:**

يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

**أولاً**– الاقليم : اقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانياً**– الوزارة : وزارة البلديات في الاقليم.

**ثالثاً**– الوزير : وزير البلديات في الاقليم.

**رابعاً**– وكيل الوزارة: وكيل وزارة البلديات في الاقليم.

**خامساً**– المجلس : المجلس الاستشاري لوزارة البلديات في الاقليم.

### ( أهداف الوزارة )

**المادة الثانية:**

تهدف الوزارة الى مايلي:

**أولاً**: تقديم الخدمات المحلية والبلدية لتأمين احتياجات السكان من الماء الصافي وتأمين متطلبات الصرف الصحي ومياه الامطار وبناء الطرق والجسور والانفاق داخل حدود البلديات والارتقاء بالخدمات البلدية المختلفة كماً ونوعاً لتشمل المدن والقصبات والقرى وتلبية احتياجات المواطنين من المتنزهات والملاعب.

www.mojkurdistan.com